# “سەلەفییە مەدخەلییەکان”؛ لە پشتیوانیکردنی دەوڵەتەوە بۆ وێناکردنیان وەك مەترسی

**د. یاسین تەها**، پسپۆڕ لە مێژوووی ئایینزا ئیسلامییەکان و شارەزا لە کاروباری عێراق

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بڕیارێکی فەرمیی دەزگەی “ئاسایشی نیشتمانیی عێراق” دژ بە ڕەوتی “سەلەفیی مەدخەلی” ئاشکرا کرا. بڕیارە ئەمنییەکەی کە گشتاندنی بۆ کراوە، “بزووتنەوەی مەدخەلی”ی وەك ڕەوتێکی “زۆر مەترسیدار لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگە” لە عێراقدا دەناسێنێت. ئەمەیش کاردانەوەی “سەلەفییە مەدخەلییەکان” و هەندێك لایەنی دیکەی سیاسیی سوننەی بە دوای خۆیدا هێناوە و بووەتە جێگەی مشتومڕ. ئەم شرۆڤەیەی بەردەست، لەسەر پاشخان و وردەکاری و لێکەوتەکانی ئەم بڕیارە هەڵوێستە دەکات.

**بڕیارەکەی ئاسایشی نیشتمانی**

بەپێی نووسراوێکی فەرمی کە لە 27ی نیسانی 2025 دا دەرچووە، دەزگەی ڕاوێژکاریی ئاسایشی نەتەوەیی عێراق، لە ڕێگەی “لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی توندڕەویی توند”ەوە، فەرمانی کردووە بە ڕووبەڕووبوونەوەی “بزووتنەوەی مەدخەلی”؛ بەو پێیەی ڕەوتێکی “زۆر مەترسیدارە لەسەر ئاشتەواییی کۆمەڵگە” بەپێی نووسراوەکە. ئەم دامەزراوە ئەمنییەی عێراق کە تایبەتە بە ئاسایشی کۆمەڵگەییی گشتیگر، بۆ بڕیارەکەی دژی “سەلەفییە مەدخەلییەکان” پاساوی بە ڕاسپاردەی دەزگە ئەمنییە پەیوەندیدارەکان هێناوەتەوە. باسی لەوەیش کردووە فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق، “محەمەد شیاع سوودانی”، لەسەر بڕیاری بەرەنگاربوونەوەکە ڕازی بووە؛ ئەمەیش لە نێوەندی کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەرانی پارێزگاکانی: کەرکووك، نەینەوا، دیالە، ئەنبار، سەلاحەددین لەگەڵ دەزگە ئەمنی و هەواڵگرییەکانی وەزارەتەکانی ناوخۆ و بەرگری.

بەم پێیەیش بڕیاری ڕووبەڕووبوونەوەی مەدخەلییەکان لەسەر ئاستی حکوومەت و دەزگە ئەمنییەکانی دەوڵەت دەرکراوە؛ بازنەی بەئامانجگیراویش جوگرافیا سوننەنشینەکەی ناوەڕاست و باکووری عێراقە کە گۆڕەپانی کاری ئەم ڕەوتە ئایینییە سوننەیە، بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەك بە “هەرێمی کوردستان” بکرێت کە یەکێکە لە گۆڕەپانەکانی کار و چالاکیی بانگەوازی سەلەفی و لەنێویشیاندا “ڕەوتی مەدخەلی”.

**بزووتنەوەی مەدخەلی چییە؟**

بڕیارە ئەمنییەکەی عێراق “بزووتنەوەی مەدخەلی”ی بەکار هێناوە، بەبێ ئاماژەکردن بە بنکە بنەڕەتییەکە کە ڕەوتی سەلەفییە. ئەم زاراوەیەیش (مەدخەلی) ساڵانێکە وەك ناوی ڕەوتێکی بەرفراوانی سەلەفی بەکار دەهێنرێت بۆ جیاکردنەوە لە ڕەوتی سەلەفیی کلاسیك و تەقلیدیی سعوودی یان سەلەفییەتی ئیسلامیی گشتی. مەدخەلییەکان بازنەی لایەنگری تێگەیشتن و بۆچوونەکانی شەرعزان و فەرموودەناسی سعوودی “ڕەبیع بن هادی ئەلمەدخەلی”ن، بەڵام ئەوانەی ئەمەیان پێ دەگوترێت زیاتر خۆیان بە “سەلەفیی مەدینە” یان هەر تەنیا “قوتابخانەی سەلەفی” دەناسێنن و ئەو ناوزەدکردنەیان بە ناوی مامۆستاکەیان ڕەت دەکەنەوە و بە تانەوتەشەری دەزانن.

ڕەوتی مەدخەلی، لقێکی نوێکراوەیە لە ڕەوتی سەلەفیی سعوودی بە ڕیشە "نەجدی" کە لە سەدەی 18 سەری هەڵداوە. سەرنمای ئەم ڕەوتە " ڕەبیع مەدخەلی" (93 ساڵ) خۆی خەڵکی شاری جازانی باشووری سعوودیایە لە باشوور، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە زانستی فەرموودەناسی، لە زانکۆی ئیسلامیی شاری مەدینە یەکێك بووە لە خوێندکارە دەرکەوتووەکانی شێخ "محەمەد بن ئەمان ئەلجامی" بە ڕەگەز ئەتیۆپی (1931_ 1996). هەر ئەمیش بناغەدانەری ڕەوتەکەیە و بەم هۆیەیشەوە جارجار پێیان دەوترێت "سەلەفییەتی جامی" یان "مەدخەلییە جامییەکان".

هەر یەك لە "محەمەد جامی" و "ڕەبیع مەدخەلی"ی خوێندکاریشی، بە ڕەخنە توندەکانیان لە نەیارەکانیان دەناسرێنەوە؛ هەردووکیشیان لە تانوپۆی گشتیدا وەك هەر بانگخوازێکی تری سەلەفی، کار بۆ ساغکردنەوە و پەرەپێدانی ئەو تەرزە ئیسلامەتییە دەکەن کە ڕاستەوخۆ بە دەقەکانی قورئان و فەرموودەوە پەیوەستە؛ بە تێگەیشتنی پێشینە یەکەمەکانی ئیسلام کە پابەندییە بە واتا ڕواڵەتییەکانی دەقەکانی قورئان و فەرموودە. ئەمەیش بەشێکی دانەبڕاو و یەکێك لە دەرهاوێشتەکانی ڕەوتی سەلەفیی "محەمەد عەبدولوەهاب"ە (مردن: 1792ز)، کە ئەویش لە تانوپۆدا دەچێتەوە سەر میرات و کەلتووری شەرعزانی ناوداری شام "ئیبن تەیمیە"، لەگەڵ فەتوا عەقیدەییەکانی، "ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل" کە سەر مەزهەبی چوارەمی سوننەیە، بەبێ ئەوەی لە شەرعزانی و فیقهدا خۆیان بە ئایینزاکەیەوە ببەستنەوە.

سەلەفییە مەدخەلییەکان لە بەرەنگارییەکی تونددان لەگەڵ گرووپە ئیسلامییە "حەرەکی" و "جیهادی" و تەنانەت مەدەنییەکانیش. لە ئەدەبیاتی ئەواندا ئەو حزبە ئیسلامییانە "سەرچاوەی بەحزبکردنی ئیسلام و پەرتکردنین"؛ لەگەڵ شیعەکانیش بەریەککەوتنیان زۆرە و لەمەیشدا بەرکەوتنە مێژووییەکەی سعوودیا و ئێرانی پاش 1979 کاریگەریی هەیە؛ لە کێشمەکێشی قووڵیشدان لەگەڵ سۆفی و دەروێشەکان و، تەریقەتەکان وەك "سەرچاوەی شیرك و بیدعە و خورافیات" تەماشا دەکەن.

بەهۆی ئەوەیشی ڕەوتی مەدخەلی، لەسەر هەمان دەستووری قوتابخانەی سەلەفی، بەتەواوی خۆیان نابەستنەوە بە چوار ئایینزا فیقهییە بەربڵاوەکەی سوننە (ئەبو حەنیفە، مالیك، شافیعی، ئەحمەد)، لە زۆر جێگە تووشی بەریەککەوتن و مشتومڕ دەبن و لە پەنا "دژەحزبیبوون"دا دژەمەزهەبگەرایشن و پەیڕەوی لە دەقەکان دەکەن؛ لە کاتێکدا لە زۆر جێگەی جیهانی ئیسلامیدا تەقلید بۆ ئایینداری بەپێویست دەزانرێت، یان لە پەرستشدا پەیوەستن بە نێوانگرەوە بۆ گەیاندنی نزا و ڕاز و نیازی خۆیان بە خودا.

**مێژووی سەرهەڵدان:**

**بەپێی پێدراوە بەردەستەکان**، مێژووی دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی بۆچوونەکانی "جامی" و خوێندکارەکەی کە "مەدخەلی"یە، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵانی نەوەدەکان و شەڕی ئازادکردنی کوێت (گەردەلوولی بیابان). لەو دەمەدا زانای ئایینیی ناسراو "ئیبن باز" و زانا ئایینییەکانی دیکەی ئەندام لە "دەستەی گەورە زانایانی سعوودی" ("العثیمین" بە نموونە)، ڕێگەیان دا بە پشتبەستن بە سوپای ئەمریکا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی سەددام و، پاساوی شەرعییان لە شێوەی فەتوادا لەنێو سەرچاوەکانی کەلتووری ئیسلامیدا بۆ هێنایەوە (11/ 9/ 1990). بەرامبەر بەمەیش هەندێك لە کەسایەتی و بانگخوازە سەلەفییەکانی دیکەی سعوودیا و دەرەوەی ئەو وڵاتەیش، هاوپەیمانیکردنی ئەمریکا و میوانداریکردنی سوپاکەیان لە سعوودیا (بلاد الحرمین)، بەحەرام و قەدەغەشکاندن لە قەڵەم دا (ئەلبانی و حەوالی بە

نموونه). لای خۆیشییانەوە "جامی" و "مەدخەلی"، هەڵمەتێکیان بەڕێوە دەبرد بۆ بەرگریکردن لە هەڵوێستی زانا ئایینییەکانی "دەستەی گەورە زانایان"ی سعوودی؛ لە هەمان کاتیشدا بەگژ ئەوانەدا چوونەوە کە لەگەڵ فەتواکەدا نەبوون.

"مەدخەلی" لەم بارەیەوە کتێبێکی نووسیوە بۆ بەرگریکردن لە فەتواکە و پاساوهێنانەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەعسی سەددام بە هەر ڕێگەیەك بووە، لە سۆنگەی ئەوەی حزبێکی بێباوەڕ و دژەئیسلامە. ئەمەیش بەشێك بوو لە دەرهاویشتەکانی داگیرکردنی کوێت، ئەگەرنا لە ساڵانی هەشتاکاندا لە جەنگی هەشت ساڵەدا سعوودییەکان لە بەرەی عێراقدا بوون دژی ئێران. لەسەر ئەم هەڵوێست و بەرگریکردنەیش "مەدخەلی" و بازنەکەی چواردەوری لەلایەن دەسەڵاتدارانی سعوودیاوە ستایش و پاداشت کران و لە زانکۆ ئیسلامییەکان و مزگەوتەکاندا ئەو بۆشاییانەیان پێ پڕ کرایەوە، کە بەهۆی زیندانیکردن و دوورخستنەوە و پەراوێزخستنی ڕەوتە ئایینییە سەلەفییە حەرەکی و ناڕازییەکانەوە دروست بوو. بەم هۆیەیشەوە جامی و مەدخەلییەکان توانییان باڵ بەسەر زۆر لە دامەزراوە ئایینییەکانی سعوودیادا بکێشن.

**شێوازی کاری مەدخەلییەکان:**

هەرچەندە مەدخەلییەکان لە سایەی گەورە زانا سەلەفییە ناسراوەکانی سعوودیادا کاریان کردووە و لە قوتابخانەی ئەوانەوە دەرکەوتوون (ئیبن باز و عوسەیمین بە نموونە)، بەڵام لە میکانیزمی بەرەنگاربوونەوە و شێوازی کاردا تایبەتمەندیی خۆیان هەیە؛ بەوە ناسراون کە ڕووشکێنن لە ڕەخنەگرتنی ئایینی، لە هەڵسەنگاندنی کەسایەتی و گرووپەکانیشدا بڕێك جەخت لە زەقکردنەوەی ڕەخنەکان دەکەنەوە و کەمتر بە لای باسکردنی لایەنی باشەی ڕەخنەلێگیراوەکاندا دەچن. لەم کایەیشدا "مەدخەلی" وەك پێشەوای "الجرح والتعدیل" ئاماژەی بۆ دەکرێت و هەر لەناو سەلەفییەکانیشدا هەن پێیان وایە زیادەڕۆیی دەکەن لە ڕەخنەگرتن و دەرخستنی لایەنە نەرێنییەکانی کارەکتەرە ئایینییەکان و، ئەمەیش وەك مۆرکێکی سەرەکیی ئەوان ئاماژەی پێ دەکرێت.

لە بیری سیاسیدا سەلەفییە جامی و مەدخەلییەکان بەوە تۆمەتبار دەکرێن کە ڕەوتی هاندەری گوێڕایەڵیکردنی دەسەڵاتەکانن لە ڕێگەی وابەستەییی کتومت بە چەمکی "ولي الأمر"ەوە، کە لە قورئاندا هاتووە؛ ئەمەیش بەسەر حوکمڕانە زاڵبووەکانی جیهانی ئیسلامیدا جێبەجێ دەکەن بەبێ هەڵوێستە لەسەر کارنامەیان. لەم سۆنگەیەیشەوە ئەم ڕەوتە وەك سەلەفییەکانی دیکەی هاوتایان ڕێگە بە بەرهەڵستیکردنی دەسەڵات و بەرەنگاربوونەوەی نادەن. لەمەیشدا لەگەڵ زۆربەی ڕەوتە دێرینەکانی ناو ئایینزای سوننەدا کۆکن، کە تا ڕاددەی زۆر یاخیبوون و شۆڕشکردن دژی فرمانڕەوا پەسەند ناکات؛ بەڵام "ڕەبیع مەدخەلی" تۆمەتبارکردنیان بە دۆستایەتیی دەسەڵات ڕەت دەکاتەوە و، جەخت دەکاتەوە ئەوان لە سنووری توانای خۆیاندا بە دڵ و زمان و پێنووس بەرەنگاری خراپەی فرمانڕەوایان دەبنەوە؛ هەر شتێکیشیان نەتوانی، ئەوە بەدڵ نکۆڵیی لێ دەکەن. ئەوەیش ڕەت دەکاتەوە ئەوان پشتگیریی هەموو فرمانڕەوایان بکەن و، جەخت لەوە دەکاتەوە جێبەجێکاری شەریعەتیان خۆش دەوێت و ڕقیان لە سەرپێچی و شتی خراپی حوکمڕانەکانە.

سەلەفییەکان بەگشتی جەخت لە دوورەپەرێزی لە سیاسەت دەکەنەوە. لە بری ئەوەیش زیاتر جەخت لە چەمکی "پاڵفتەکردنی عەقیدە و پەرستشەکان لە زیادکراوەکان" (بیدعە) دەکەنەوە؛ هاوکات لەگەڵ

ئەمەیشدا پێیان وایە خۆسەرقاڵکردن بە سیاسەتەوە پەیوەندیی ئەوتۆی بە دینەوە نییە. هەر لەبەر ئەمەیش زیاتر لە بانگەوازی ئایینیدا چالاکن و بەشداریکردنیان لە کایەی سیاسیدا بە مانا باوەکەی نییە کە خۆپاڵاوتن و دروستکردنی ئۆرگانی سیاسییە؛ بەڵام ئەمە بەسەر ئەزموونی کۆمەڵێك لە سەلەفییەکانی میسر (حزبی نوور) و بەشێك لە سەلەفییەکانی کوێتدا جێبەجێ نابێت کە بەشداری و ڕێکخستنی سیاسییان هەیە.

**نموونە عێراقییەکەی ڕەوتی مەدخەلی**

بەپێی کارنامەی ناوادرە ئیسلامییە سوننەکان، مێژووی گەیشتنی ڕەوتی سەلەفیی نەجدی (سعوودی) بە عێراق، دەگەڕێتەوە بۆ دوو سەدە بەر لە ئێستا؛ بەڵام دەشێت ئەمە زیاتر لە ئاستێکی بەرتەسك و لە شێوەی کەسایەتییە ئایینییەکاندا بێت، چونکە بەپێی پێدراوە مێژووییەکان، سەلەفییەکان پاش ئەزموونێکی بچڕبچڕی چالاکی و کاری بانگخوازیی سەردەمی بەعس، زیاتر لە پاش 2003 لە شێوەی تەوژمێکی ڕێکخراودا لە مزگەوتەکانی پشتێنەی بەغدای پایتەخت و پارێزگا سوننەکان، ئازادانە کەوتوونەتە چالاکی و کاری بانگەواز و دەرکەوتن.

لە 2007دا ڕێبەرێکی دیاری ئەم ڕەوتە لە عێراق، "شێخ محەمەد خوزەیر"، کە بە "ئەبو مەناری عەلەمی" بەناوبانگە، شەڕکردنی دژی سوپای ئەمریکای حەرام کردووە، چونکە بە گوتەی ئەو: "مەرجەکانی جیهادی تێدا نییە"، هەروەها جەختی لەوە کردووەتەوە کە "گوێڕایەڵیکردنی دەسەڵاتی زاڵبوو لە پێناو دوورخستنەوەی گۆبەن، پێویستە"؛ بەوەیش پاساوی بۆ فەتواکەی هێناوەتەوە کە تەقەکردن لە سوپای ئەمریکا لە شارەکاندا، گیانی خەڵکی سڤیل دەخاتە مەترسییەوە. ئەم بۆچوونەی "ئەبو مەنار" کە خەڵکی قەزای عەلەمی سەر بە پارێزگای سەڵاحەددینە، دەچێتە چوارچێوەی هەڵکردن لەگەڵ حوکمڕان و ڕەتکردنەوەی میکانیزمی چەکداری بۆ دروستکردنی گۆڕانکاریی سیاسی لە کاتی لاوازی. هەروەها ئەم ڕێبەرە سەلەفییە هانی خەڵکی سوننەی داوە کە بچنە ڕیزەکانی سوپا و پۆلیسی عێراق و، بایکۆتی سیاسی بشکێنن و بەشداریی پرۆسەی سیاسی بکەن، کە لە سایەی دەسەڵاتی ئەمریکییەکان و شیعە باڵادەستەکاندا کەوتبووە سەرپێ. لەم بارەیشەوە کتێبێکی بڵاو کردووەتەوە کە بەڵگەی شەرعی بۆ بۆچوونەکەی لەبارەی بەشداریکردن لە جومگەکانی دەوڵەت دەهێنێتەوە (2004) بە ناونیشانی "دحر المثلب علی جواز تولیة المسلم علی المسلم من کافر متغلب".

شێخێکی سعوودییش بە ناوی "موحسن ئەلعوبەیکان" کە ئەندامی دەستەی گەورە زانایانە، پێشەکیی بۆ نووسیوە و پشتیوانیی بۆ دەربڕیوە. کورت و پوختیش کتێبەکەی ڕابەرە سەلەفییە عێراقییەکە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە، مامەڵەکردن لەگەڵ فرمانڕەواییکردنی دانراو لەلایەن کافرانەوە (ئەمریکا) دروستە و، دەڵێت "ئەوەم لە پێناو پاراستنی دەوڵەتدا کردووە." لە نێوەندی جێبەجێکردنی بۆچوونەکانیشیدا "ئەبو مەناری عەلەمی" خۆی پۆستی لە ئەوقافی سەڵاحەددین وەرگرتووە؛ لە دەمی خۆپیشاندان و مانگرتنی پارێزگا سوننەکانیشدا دژی نووری مالیکی، سەرۆکوەزیرانی پێشووتر (2012)، ناڕەزایەتییەکانی ڕەت کردووەتەوە، بەو پێیەی دژی "وەلی ئەمر"ی وڵاتە. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەم ڕێبەرە سەلەفییە دواتر پەیوەندیی لەگەڵ "ڕەبیع مەدخەلی"دا تێك چووە و لە تۆمارێکی دەنگیدا لەلایەن "ڕەبیع مەدخەلی"یەوە بە "ئەهلی فیتنە و گۆبەن" تۆمەتبار کراوە؛ هەروەها هۆشداریی ئەوەیشی داوە بە سەلەفییەکان کە دوای نەکەون، بەبێ ئەوەی وردەکاریی زیاتر لەبارەی لادانەکانی لە ڕەوتەکە بخاتە ڕوو، لە کاتێکدا کە ناوبراو ساڵانێك

نوێنەرایەتیی بۆچوونەکانی ڕەوتەکەی مەدخەلیی کردووە.

"ئەبو مەنار" باس لەوە دەکات سەرەتا لەلایەن "ڕەبیع مەدخەلی"یەوە کراوە بە مەرجەعی سەلەفییەکان لە کاروباری عێراق، بەڵام دواتر بە تۆمەتی ئەوەی شوێنکەوتەی خەڵکی دیکەیە، "ڕەبیع مەدخەلی" هێرشی کردووەتە سەری. ئەوەیشی دەردەکەوێت ناکۆکییەکەی هەردوو لا زیاتر کەسێنی و ڕواڵەتییە. لە دوای ئەوەیشی کە ڕاگەیەنرا "ئەبو مەنار" سەر بە ڕەوتی سەلەفییەتی تەقلیدیی سعوودییە و نێوانی لەگەڵ مەدخەلییەکان تێك چووە، پێگەکەی لەناو مەدخەلییەکاندا لاواز بوو؛ ئەمەیش دەرگەی بۆ دەرکەوتنی چەند کەسایەتییەکی دیکەی ئایینی کردەوە وەك ڕێبەری سەلەفی؛ یەکێك لەوانەیش لە ئێستادا شێخ "سەعد ئەلنایف"ە لە ئەبوغرێبی پشتێنەی بەغدای پایتەخت.

**پاڵنەری بڕیاری قەدەغەکردنی مەدخەلی**

بەپێی هەندێك زانیاریی بەردەست هۆکاری سەرەکیی کەوتنەتەقەی دەزگە ئەمنییەکانی عێراق لە "سەلەفییە مەدخەلییەکان"، سەرباری ڕێبازی کەنارگیری و خۆگونجاندنیان لەگەڵ ڕەوشی سیاسی و قبووڵکردنی حوکمڕانان، پەیوەندیی بە حیساباتی کارەکتەری سیاسیی شیعی و لە پشت ئەویشەوە ئەجێندای ئێرانییەوە هەیە. بەپێی پێدراوە بەردەستەکان خواستی شیعەی دەسەڵات ئەوەیە لە ناوچەکانی چالاکیی "سەلەفییە مەدخەلییەکان"دا گرووپێکی دیکەی سوننەی سەر بە تەریقەتی قادری، چالاك بن و جێگەیان بگرنەوە کە هاوپەیمان و نزیکی شیعەکانن. ئەم گرووپە دەروێشییە، بنکەیان پارێزگای ئەنبار و فەللوجەیە و زیاتر لە پاش کەوتنی بەعس (2003) بە شێوەیەکی ڕێکخراو لە ناوچە سوننەکان دەرکەوتوون.

هەر بەپێی ئاماژە بەردەستەکان ئەم گرووپە دەروێشە کە ساڵانێکە لەگەڵ حەوزەی شیعەدا کاری هاوبەشیان هەیە، خێزانێك بە ناوی "ئالووسی" سەروکاریان دەکەن و ئێستا "عەبدولقادر ئالووسی" کەسی یەکەمیانە؛ ئەنجومەنێکیشیان بە ناوی "مجلس علماء الرباط المحمدي"ی پێك هێناوە (2015)؛ بەئاشکراش پشتیوانی لە گرووپە چەکدارە شیعەکان دەکەن. هەروەها لە گوتاری خۆیاندا دژی "بەنی ئومەیە"ن؛ ئەمەیش بەدڵی شیعەکانی هێڵی ئێرانە و لە ئێستادا لە ڕێگەی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانییەوە، کە لەدەستی ڕێکخراوی بەدری "هادی عامری"دایە، پشتیوانی دەکرێن، بەتایبەت کە ئەم کۆمەڵە دەروێشییە لەگەڵ بەجەژنکردنی غەدیردا کۆکن و، لاریان لەوە نییە "ئیمام عەلی" پێش بخەن بەسەر خەلیفەکانی دیکە، بەپێچەوانەی باوەڕی سوننەکانەوە.

ئەم گرووپە ڕکابەرەی سەلەفییە مەدخەلییەکان (الرباط المحمدي) لە کەناڵی فەرمیی دەوڵەت (العراقية) بەرنامەیەکیان پێ دراوە بە ناونیشانی "وأنا من الحسين". یەکێك لە شێخەکانیشیان کراوەتە ئەندامی ئەنجومەنی باڵای ئەوقاف و لەگەڵ فەرمانگەی "بەگژاچوونەوەی تیرۆر"ی سەر بە "حەشدی شەعبی"دا پرۆژەی هاوبەشیان هەیە و سەردانی هێزەکانی حەشد دەکەن و ستایشی کارەکانیان دەکەن. نەك هەر ئەوە بەڵکوو لە پێشهات و چالاکییەکانی "بەرەی موقاوەمە"ی ئێرانیدا بەیاننامەی پشتیوانییان هەیە.

بەڵام ڕێبەری پێشووی مەدخەلییەکان و کەسایەتیی دیاری سەلەفیی عێراق، "ئەبو مەناری عەلەمی" ڕایەکی دیکەی هەیە و جەخت دەکاتەوە کە بڕیارەکەی حکوومەتی عێراق دژی "سەلەفییە میانڕەوەکان" نییە، چونکە "حکوومەت عاقڵە و دەزانێت ئەبو مەنار لەگەڵ هێڵی حکوومەتدایە". باس لەوەیش دەکات حکوومەت تەنیا "مەدخەلییەکان" بەئامانج دەگرێت و لەمەیشدا دەشێت زانیاریی تایبەتی خۆی هەبێت یان

بەهەڵـەدا برابێـت. بـاس لەوەیـش دەکـات ئـەم ڕەوتـەی مەدخەلـی "کـاری سـەرەکییان ڕەخنەگرتـن و برینداركردنی خەڵکە و لەوەدا زیادەڕۆییان کردووە". ئەم لێدوانانەیش لێکترازانی ئاشکرای سەلەفییەکانی عێراق دەردەخات و ڕەوتی مەدخەلییەکانیان بەرامبەر بڕیارەکەی حکوومەت تەنیا دەکاتەوە.

## هەڵوێستی مەدخەلی و هێزە سوننەکان

لە پاش دەرچوونی بڕیاری قەدەغەکردنیان، یەکێك لە شێخ و مامۆستا ئایینییە دەرکەوتووەکانی "سەلەفیی مەدخەلی" بە ناوی "سەعد ئەلنایف" کە وتاربێژی مزگەوتی "المصطفى"ی ناوچەی "خان زاری"ی قەزای "ئەبو غرێب"ە، لە لێدوانێکدا جەختی کردەوە: ئەوان نە "جامی" و نە "مەدخەلی"ن، بەڵکوو شوێن سوننەت دەکەون و کەسی تر نا. لە ناوچەکانی دەوروبەری بەغدا و لە پارێزگای سەلاحەددینیش بەوە ناسراون کە، دەرچوون لە فرمانی "وەلی ئەمر" ڕەت دەکەنەوە و بەرهەڵستیی دەسەڵات ناکەن؛ ئەمەیش وای کردووە ببنە ئامانجی تۆمەتبارکردن بەوەی، پەیوەندیی دەرەکییان بە هەندێك ڕەوتەوە هەیە. ناوبراو جەختی لەوەیش کردووەتەوە ئەوان لەگەڵ سیاسەتکردندا نین، سەر بە هیچ دەوڵەتێکیش نین و داوای پێداچوونەوە بەو بڕیارەدا دەکەن کە لەدژیان دەرچووە.

بڕیارەکەی ئاسایشی نیشتمانی، نەك تەنیا سەلەفییەکان بەڵکوو جێگەی سەرسوڕمانی هەندێك لایەنی دیکەیە؛ بەو پێیەی سەلەفییەکان ـ بە مەدخەلییەکانیشەوە ـ لەگەڵ دەوڵەتدا تەبا بوون، دژ بە ئەلقاعیدە و داعش وەستاونەتەوە و لەسەر ئەمەیش دووچاری مەترسی و هەڕەشە بوونەتەوە. دووریش نییە جگە لە ڕاپۆرتی ئەمنی، ململانێی هەڵبژاردن لە پشت ئەم بڕیارەوە بێت، بەتایبەت کە ڕەوتی مەدخەلی کاریگەرییان لەسەر هەندێك بنکەی جەماوەریی ناوچە سوننەکان هەیە. ئەو گرووپە سوونەیشی دژ بەمانن (الرباط المحمدي)، زیاتر لە هێزە شیعەکانی وەك ڕێکخراوی بەدر و بزووتنەوەی عەسائیبەوە نزیکن.

لەسەر ئاستی سیاسییش، ئەو لایەنەی بەئاشکرا و بەزەقی پشتیوانیی سەلەفییەکان دەکات، "هاوپەیمانیی سیادەی" سوننەیە بە سەرۆکایەتیی "خەمیس خەنجەر". ئەم بەرە سوننەیە کە لە جەمسەری قەتەر ـ تورکیاوە نزیکە لە ڕاگەیەنراوێکدا بڕیارەکەی ئاسایشی نیشتمانیی عێراق بە "پێشێلکاریی مەترسیدار" لەسەر بنەماکانی ئازادیی ڕادەربڕین و مەترسی بۆ سەر "فرەییی فیکری ئیسلامی" لە عێراق دەداتە قەڵەم. جەخت لەوەیش دەکاتەوە بەرەنگاربوونەوەی ڕەوتە هزرییە عەقیدەیییەکان بە بڕیاری ئەمنی ناکرێت؛ قەدەغەکردنیشیان هانیان دەدا بۆ توندڕەوی. هەروەها باس لەوە دەکات بڕیارەکە دەرگە دەکاتەوە بۆ بەئامانجگرتنی ڕەوتی دیکەی عەقیدەیی لە داهاتوودا؛ ئەمەیش درزی گەورە دەخاتە نێو متمانەی کۆمەڵگە و دەوڵەتەوە.

هەر لەم بەینەیشدا "خەمیس خەنجەر"ی سەرۆکی هاوپەیمانییەکە ڕۆژی هەینیی ڕابردوو (23ی ئایار) نوێژی جومعەی بردە مزگەوتی "سەلەفییە مەدخەلییەکان" لە خان زاریی ئەبو غرێب (المصطفى). لە وتاری جومعەیشدا، "شێخ سەعد ئەلنایف"ی مامۆستای ئایینیی دەرکەوتووی سەلەفییەکان، پاش بەرگریکردن لە بۆچوونەکانیان و بیرهێنانەوەی هەڵوێستەکانیان بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی، ستایشی "خەمیس خەنجەر"ی کرد لە "پشتیوانیکردنی گوتاری میانڕەو". بەم پێیەش لە ئێستادا ڕەوتەکەی خەنجەر بووەتە دەمڕاستی سیاسیی سەلەفییەکان؛ بەتایبەت لە عێراقدا هەم هێزی سیاسیی سوننیی نزیك لە سعوودیا نین و هەم ڕوون نییە ئاخۆ سعوودیای بن سەلمان لەسەر سەلەفییەکان دێتە سەر هێڵ یاخود نا؛ بەتایبەت

کە تێهەڵچوون لەگەڵ ئاڵۆزییەکانی عێراق ئاسان نییە. لە سعووددیەشدا چەند ساڵێکە کارکردن بۆ کاڵکردنەوەی سیمای ئایینیی سەلەفییانەی دەوڵەت دەستی پێ کردووە و هەندێك قۆناغیشی بڕیوە.

**چارەنووسی بڕیارەکە**

کۆتاییی هەفتەی ڕابردوو، مامۆستای دەرکەوتووی "سەلەفییە مەدخەلییەکان"، "سەعد ئەلنایف" و کۆمەڵێکی تری هاوکار و هاوڕێی لەگەڵ "قاسم ئەعرەجی" ڕاوێژکاری ئاسایشی عێراقدا، دەرکەوتن. بەپێی ڕاگەیانراوی پاش دیدارەکە هەردوو لا باسیان لە "پتەوکردنی ئاسایشی میللی" و "ڕۆڵی زانایانی ئایینی لە پشتیوانیکردنی ئاسایش و ئۆقرەیی لە ڕێگەی هاریکاریکردن لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان"دا کردووە، بەڵام هیچ ئاماژەیەك بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری قەدەغەکردن یان چارەنووسی گشتاندنەکەی "ئاسایشی نیشتمانی" نەکراوە، کە وا دیارە تەنیا لە دەسەڵاتی "قاسم ئەعرەجی"دا نییە؛ بەو پێیەی لە ئاماژەکردنەکاندا گەڕێنراوەتەوە بۆ سەرۆکوەزیران و هێزە ئەمنییە عێراقییە جیاجیاکان و نوێنەرانی پارێزگا سوننەکان. لە لایەکی دیکەوە ماڵپەڕێکی ئیماراتی لە زاری سەرچاوەیەکی ئەمنیی عێراقییەوە باسی لەوە کردووە: بڕیاری قەدەغەکردنی "سەلەفییە مەدخەلییەکان" لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی ئەمنیی نێوخۆیی نەبووە، بەڵکە زادەی گوشاری سوپای پاسدارانی ئێرانە لەسەر ڕاوێژکاریی ئاسایشی نەتەوەییی عێراق؛ مەبەستیشیان لەم بڕیارە، لاوازکردنی ڕەوتی سەلەفیی مەدخەلییە لە بەرژەوەندیی گرووپێکی دیکەی سوننیی نزیك لە هێڵی تاران.

**کۆبەند**

بڕیاری قەدەغەکردنی ڕەوتی "سەلەفیی مەدخەلی" و ڕاگەیاندنی بەرەنگاربوونەوەی، لە ڕواڵەتدا پاساوەکەی ئەمنییە و پەیوەست کراوە بە پاراستنی ئاشتەواییی کۆمەڵایەتی و ڕاپۆرتە ئەمنییەکان، بەڵام لە پشتپەردەوە بەشێکە لە دەستوەردانی زۆرینەی شیعەی باڵادەست لە نەخشەی ئایینی و مەزهەبیی نێو کۆمەڵگە سوننییەکانی عێراق و شارۆچکەکانی پشتێنەی بەغدا؛ ئەمەیش لە پێناو زاڵکردنی ئەوانەی لە بەرەی شیعییەوە نزیکن و لاوازکردنی ئەوانەی ڕیشەیان سعوودییە.

لە بڕیارەکەدا هیچ میکانیزمێك بۆ جێبەجێکردنی بەرەنگاربوونەوەی سەلەفییەکان دیاری نەکراوە کە جگە لە پارێزگا سوننەکانی عێراق، لە هەرێمی کوردستانیش ئامادەییان هەیە و خاوەن مزگەوت و دامەزراوەی بانگخوازین. بەهۆی ئەم ناڕوونییەیشەوە ئێستا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: ئاخۆ دەزگە ئەمنییەکانی عێراق بە گرتن و هەراسانکردنی ئەمنی، بەرەنگاری سەلەفییە مەدخەلییەکان دەبنەوە یان گوشار دەخەنە سەر چالاکییە بانگخوازییەکانیان و بەرتەسکیان دەکەنەوە؟ لە پاش دیداری هەردوو لا و گوشارەکانی نێو شەقامی سوننەیش، ئەگەرێك هەیە بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە، بەتایبەت کە عێراق لە ساڵی هەڵبژاردندایە و هەندێك لایەنی سیاسیی سوننە، لەسەر هێڵن بۆ هاتنەدەنگ لەسەر سەلەفییەکان و، کارنامەی سیاسیی ڕەوتەکەیش پاڵپشت و پشتیوانیانە لە بەرگریکردن لێیان.